# ئادابەکانی نوێژ و ڕۆژی هەینی

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## ئیبن قودامەی مەقدیسی

وەرگێڕانی: علی عبد الله حسن

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ آداب يوم الجمعة ﴾

« باللغة الكردية »


ابن قدامة المقدسي

ترجمة: علي عبد الله حسن

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز



2012 - 1433

IslamHouse.com

# ئادابەكانی نوێژ و ڕۆژی هەینی

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ودرود وسەڵات وسەلام بۆ سەر گیانی محمد المصطفى وسەرجەم ئال وبەیت وهاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە ....

**یەكەم:** لە ڕۆژی پێنج شەمە وشەوی هەینیەوە خۆی بۆ ئامادە بكات بە پاكوخاوێن كردنەوە وجل وبەرگ شۆردن وئامادەكردنی ئەو شتانەی پێویستی نوێژی هەینین.

**دووەم:** خۆشۆردن لە ڕۆژی هەینیدا وەك لە هەردوو سەحیحەكە وسونەنەكانی تریشدا هاتووە، چاكتروایە خۆشۆردنەكە لە پێش ڕۆشتنا بێت بۆ مزگەوت بە ماوەیەكی كەم.

**سێیەم:** خۆڕازاندنەوە بە خاوێن كردنی لاشە ونینۆك كردن وسیواك وئەوشتانەی پێویستن لە لابردنی زیادەكان، بۆنی خۆش لە خۆدان ولەبەر كردنی چاكترین وجوانترین جل وبەرگ.

**چوارەم:** زوو ڕۆیشتن بەپێ بۆ مزگەوت، دەبێ ئەو کەسەی کە خۆ ئامادەدەکات بۆ مزگەوت بە ملکەچیەوە بەرە ومزگەوت بکەوێتەڕێ ونیەتی مانەوە (اعتکاف) بهێنێت لە مزگەوتدا هەتا ئەوکاتەی کە دێتە دەرەوە.

**پێنجەم:** بەسەر خەڵکدا هەنگاو نەنێت ودووکەس لەیەك جیا نەکاتەوە مەگەر بۆشاییەك ببینێت وبۆی بڕوات.

شەشەم : بە بەردەمی نوێژ خوێندا تێ نەپەڕێت.

**حەوتەم:** هەوڵی ڕیزی پێشەوە بدات، مەگەر شتێکی ناڕەوا ببینێت یان ببیسێت کە ببێتە بیانوی دواکەوتنی.

**هەشتەم:** واز لە نوێژی سوننەت ویادی خوا بهێنیت کاتێك کە پێش نوێژ لە شوێنەکەی خۆی هەڵسا وخۆی خەریك بکات بە وەڵام دانەوەی بانگ وپاشان گوێ گرتن لە وتاری هەینی.

**نۆیەم:** سوننەتی دوای نوێژی هەینی بکات، ئەگەر ویستی دوو ڕکات یان چوار ڕکات یان شەش ڕکات بکات .

**دەیەم:** هەتا نوێژی عەسر دەکات لە مزگەوت بمێنێتەوە، خۆئەگەر هەتا مەغریب بمێنێتەوە چاکترە.

**یازدەیەم:** چاو دێری کاتە بەڕێزەکەی هەینی بکات بە ئامادەبوونی دڵ وبەردەوام بوون بەیادی خوا.

ڕاو بۆچونەکان جیاوازن لەسەر ئەوکاتە لە صەحیحی موسلیمدا هاتوە لە فەرموودەکەی ئەبوو موساوە : کە ووتویەیەتی « إنها ما بين أن يجلس الإمام إلى أن تقضي الصلاة » واتە : ئەو کاتەیە کە ئیمام پێش نوێژ دادەنیشێت هەتا نوێژی هەینی کۆتای دێت { فەرموودەیەکی سەحیحە، موسلیم فەرموودەی ژمارە (853)} .

وەلە فەرموودەیەکی تردا هاتووە، ئەو کاتەیە لە نێوان تەواو کردنی وتاری پێش نوێژ هەتا نوێژەکە تەواو دەبێت {فەرموودەیەکی زۆر لاوازە،تیرمیزی ڕیوایەتی کردووە بەژمارە ( 490) وە إبن ماجە ڕیوایەتی کردووە بەژمارە (1138)} .

وەلە فەرموودەکەی جابیردا هاتووە، ئەو کاتە کۆتا کاتی دوای عەسرە {فەرموودەیەکی سەحیحە، ئەبو داود ڕیوایەتی کردووە بەژمارە ( 1048) وە نەسائی بەفەرمووددەی ژمارە (100/99/3/)} .

وەلە فەرموودەکەی ئەنەسیشدا هاتووە کە فەرموویەتی: لەنێوان نوێژی عەسر هەتا خۆر ئاوابوون بە دوایدا بگەڕێن {فەرموودەیەکی حەسەنە، تیرمیزی بەفەرموودەی ژمارە (489) ڕیوایەتی کردووە، ئەلبانیش لە سەحیح الجامع دا هێناویەتی بەژمارە (1237)} .

ئەبو بەكری كوڕی الأثرم فەرمووی: ئەم فەرموودانە لە دووشت بەدەرنین: یان هەندێكیان لە هەندێكیان سەحیح ترن، یان ئەم كاتە دەگەڕێت لە كاتەكاندا وەك گەڕانی شەوی قەدر لە دە شەوەكەدا.

**دوازدەیەم :** زۆر سڵاوات دان لەسەر پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەم ڕۆژدا خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً ﴾ {الاحزاب : 56} واتە : بەڕاستی خواو فریشتەكانی سەڵاوات دەدەن لەسەر پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) ئەی ئەوانەی كە باوەڕتان هێناوە ئێوەش سەڵات و سەلامی زۆری لەسەر بدەن

لەفەرموودەیەكیشدا پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) دەفەرموێت : « أَكْثِرُوا عَلَيّ من الصلاةِ في كُلّ يومِ جُمُعَةٍ، فإنّ صلاةَ أُمّتِي تُعْرَضُ عَلَيّ في كُلّ يومِ جُمُعَةٍ، فمن كانَ أَكْثَرَهُمْ عليّ صلاةً كانَ أَقْرَبَهُمْ مِنّي مَنْزِلَةً » {أخرجه البيهقي} واتە : لەڕۆژانی هەینیدا زۆر صەڵاواتم لەسەر بدەن، چونكە صەڵاواتی ئوممەتەكەم هەموو

ڕۆژێکی هەینی پیشان دەدرێت، هەرکەسێکی زۆرترین صەڵاواتم لەسەر بدات ئەوە زیاتر لەمنەوە نزیکترە .

بەڵام ئەم فەرموودەیەی کە ابن القدامة هێناویەتی لەبارەی صەڵاواتدان لە ڕۆژی هەینیدا فەرموودەیەکی هەڵبەستراوە : « من صلى عليّ في يوم الجمعة ثمانين مرة غفر الله له ذنوب ثمانين سنة » واتە : هەرکەسێ لە ڕۆژی هەینیدا هەشتا سڵاوات لەسەر من بدات خودا لە گوناهی هەشتا ساڵی خۆش دەبێت {ئەم فەرموودە هەڵبەسراوە}.

وە ئەگەر پێی خۆشتر بوو سڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم ) دوعای بۆ بکات وەك ئەفەرمووێت: ( ئەی خودایە وەسیلە وفەزیلە وپلەی بەرزببەخشە بە موحەمەد ( صلى الله عليه وسلم ) وە بیگەیەنە بەو ( المقام المحمود)ەیکە بەڵێنت پێداوە، ئەی خوایە پاداشتی پێغەمبەرەکەمان بدەوە لە بری ئێمە بەو جۆرەی شایستەیەتی (ئەم فەرموودە سەنەد وپلەی دیاری

نەکراوە ) وە لەگەڵ سڵاوات دانەکەیشدا داوای لێبوردن بکرێت لە خودای مەزن، چونکە لە ڕۆژی هەینیدا داوای لێخۆش بوون کردن زۆر چاکە.

**سیازدەیەم :** سورەتی کەهف ( الكهف ) لەشەوی هەینیدا یان لەڕۆژەکەیدا بخوێنێت، وەك ڕیوایەت کراوە لە فەرموودەیەکی تردا کە پێغەمبەر (صلى الله عليهه وسلم) فەرموویەتی : « أن من قرأها في يوم الجمعة أو ليلة الجمعة وُقيَ الفتنة » {فەرموودەیەکی سەحیحە ، موسلیم ڕیوایەتی کردووەبەفەرموودەی ژمارە ( 257/809)} واتە: هەرکەسێ لە ڕۆژێ هەینیدا یان لە شەوی هەینیدا خوێندبێتی پارێزراوە لە فیتنە، وەسوننەتە لە ڕۆژی هەینیدا قورئان زۆر بخوێنرێت وخەتمی تیدابکرێت، یان لە شەوی هەینیدا ئەگەر توانرا.

**چواردەیەم:** خێر وسەدەقە بکات بە پێی توانا لە ڕۆژی هەینیدا، بەڵام خێر کردنە کە لە دەرەوەی مزگەوت بێت، وەسوننەتە نوێژی سەلاتو تەسبیح ( صلاة التسبيح ) بکات لە ڕۆژی هەینیدا.

**پازدەیەم :** سوننەتە ڕۆژی هەینی دابنێیت بۆ کاری ڕۆژی دوایی وواز لە هەموو کارە دونیایەکان بێنێیت.

خوای گەورە لەگوناهی ئێمە وئێوەیش خۆش بێت.